پاشان چەواشەکاری ئەکات لەسەر دابەزینی الله تعالی بۆ ئاسمان لەوەڵامدا ئەڵێین پێغەمبەرمان ﷺ بەزمانی عەرەبی ڕوون لەپێش هاوەڵانیدا فەرمووی : الله تعالی هەموو شەوێ دائەبەزێتە ئاسمان ی دوونیا کاتێ سێ یەکی کۆتای شەو دادێت دەفەرموێ کێ داوای هەیە پێی ببەخشم...

ئایا دەکرێت پێغەمبەر ﷺ شتێ بڵێت وهاوەڵان ئەوشتە وەربگرن بەبێ تەئویل وگۆڕینی ماناکەی بەڵام هەمان شت پێویست بکات ئەمڕۆ ماناکەی بگۆڕین ؟؟ دابەزینی الله تعالی لە سێیەکی کۆتای شەودا بۆهەر شوێنێکی سەر زەوی لەوکاتەدایە کە سێیەکی شەو دادێت بەسەریاندا دابەزینی الله تعالی لەسێیەکی کۆتای شەودا بۆهەر شوێنێکی سەر زەوی لەوکاتەدایە کە سێیەکی شەو دادێت بەسەریاندا وە دابەزینی زاتی الله وەک دابەزینی مرۆڤ نیە وچۆنیەتیەکەی نازانرێت تا بەقیاسی ئەقڵی و پرسیاری ئەقڵی لێکدانەوەی بۆبکرێت

ئیمام ی ابن رجب رحمه الله ئەفەرموێت : (هەنێ لەوانەی شارەزای زانستی ئەستێرە ناسین ڕەخنە دەگرن لەم فەرموودەیە ئەڵێن سێیەکی کۆتای شەو لەشوێن بۆ شوێن دەگۆڕێت کەواتا ناکرێت بوترێ الله لەکاتێکی دیاریکراودا دادەبەزێت) بەڵام ناشرینی ئەم ڕەخنەگرتنە پێویستیەکی زانراوە لەدینی ئیسلام وە پێغەمبەر ﷺ یان خەلیفە ڕاشیدەکان ی ئەگەر ئەم ڕەخنەیەیان بیستبایە ئەوا گفتوگۆیان لەگەڵ خاوەن ڕەخنەکەدا نەدەکرد بەڵکو سزایان ئەدا و،لەڕیزی پێچەوانکارە مونافیقە بەدرۆخەرەوانی شەرعیان حساب دەکردن) (1)

(1) فضل علم السلف على الخلف" ص3.

شيخ الإسلام ابن تيميه لەوەڵام ـی ئەم گومانەدا دەفەرموێت : (ئەو گومانەی ئەوان دروست ـی دەکەن بۆیە توشی ئەم گومانە بون چونکە ئەوان دابەزینی الله تعالى وەک دابەزینی خۆیان تەماشا دەکەن ئەمەش شوبهاندنی الله یە پاشان لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ئەم گومانانە الله تعالى بەجۆرێ دەناسن کە زاتێکە توانای نیە وەک خۆیان وە پێیان وایە الله ناتوانێ کردارەکانی بەجۆرێ بکات کەلەتوانای کەسی تردا نەبێت لەکردنی ئەوکارە لەیەک کاتدا وە لەفەرمووەدا هاتوە الله تعالى لێپرسینەوە لەگەڵ دروستکراوەکانیدا دەکات هەریەکێ لەدروستکراوەکان وادەزانێ الله بەس خەریکی لێپرسینەوەیە لەگەڵ ئەودا وتەنها گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا دەکات بێ ئاگایە لەوەی لەهەمان کاتدا الله خەریکی لێپرسینەوەیە لەگەڵ خەڵکی تردا وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت کاتێ بەندە دەفەرموێت : کاتێ بەندە لە نوێژدا ئەفەرموێ سوپاس وستایش بۆپەروەردگاری جیهانیان الله دەفەرموێ بەندەکەم ستایشی کردم وە کاتێ بەندە دەڵێت الرحمن الرحیم الله دەفەرموێ بەندەکەم مەدح وسەنای کردم . جاهەموو خەڵک ئاوا گفتوگۆ لەگەڵ الله دەکەن وە الله تعالى ـش وەڵامی هەمویان دەداتەوە بێ ئەوەی کەسیان الله سەرقاڵی بکەن وتـرا بە ان عباس : چۆن الله لێپرسینەوەی هەموو دروستکراوەکانی ئەکات لەیەک کاتدا فەرمووی وەکچۆن لەیەک کاتدا ڕزقیان ئەیات . کەواتا چۆن ناکرێت دروستکاری بەتوانای تاک و بەدەسەڵاتدار دابەزێت بۆلای بەندەکانی ولەسێیەکی شەودا بانگیان بکات ئەگەرچی شەو ڕۆژ بەنسبەت بەندەکانەوە جیاوازە بەڵام هیچ شتێ الله دواناخات لەکارەکانی) . [2]

کەواتا الله دائەبەزێت بەڵام ناوترێ دابەزینی الله وەک دابەزینی مرۆڤە ونایشوبهێنین بەشێوە دابەزینی مرۆڤ الله بەو شێوە دائەبەزێت کەشایستەیە بەزاتی خۆی قال الله تعالى : { وَلَا يُحِيطُونَ بِهِ عِلْمًا } [3] وە بونی شەو ڕۆژ لەسەر زەوی هیچ قورسیەکی نیە بۆ الله تعال ـی لەدابەزینی بۆلای بەندەکانی بەوشێوەیەی کەشایستەیە بەخۆی.

وە دەفەرموێت : (وتەی دروست وتەی سەلەفە الله دائەبەزێت وعەرش لێی بەتاڵ نابێت وە ڕوح ـی بەندە لەلاشەیدا بەبەردەوام بەشەو بەڕۆژ تاکاتی مردن وەلەکاتی خەودا ڕوح دەڕوات وسجدە دەبات لەژێر عەرش لەکاتێکدا ئەو ڕوحە لەجەستەش جیانەبۆتەوە وە نزیکترین کات بەندە لەالله نزیکە کاتی سوجدەیە وە لەهەمان کاتیشدا ڕوحی بەندە لەلاشەکەیدایە بۆیە حوکم ـی ڕۆحەکان جیاوازە لەحوکم ـی جەستە چجای بۆ فریشتەکان و چجای بۆ الله تعالى) . [4]

القاضي أبو يعلى دەفەرموێت ئیمام ـی احمد لە نامەکەیدا بۆ مسدد فەرمووی : (الله عزوجل هەموو شەوێ دائەبەزێ بۆئاسمانی دوونیا بەبێ ئەوەی عەرش چۆڵ بێت ئیمام ـی احمد تەصریح ـی یاوە کەعەرش چۆڵ نابێت لە الله). [5]

بشر بن السري پرسیاری لە حماد بن زيد کـرد : (ئەی باوکی اسماعیل ئەوفەرموودەی هاتوە لەبارەی دابەزین ـی الله بۆئاسمانی دوونیا ئایا مانای ئەوەیە الله لەشوێنێکەوە ئەڕوات بۆ شوێنێ تر ؟ حماد بن زيد بێدەنگ بوو پاشان فەرمووی الله لەشوێنی خۆیدایە چۆنی بوێ لەبەندەکانی نزیک ئەبێتەوە) . [6] ئەم بۆچونەش بۆچونی الإمام أحمد بن حنبل و إسحاق بن راهويه، وحماد بن زيد، وعثمان بن سعيد الدارمي وجگەلەوانیشە "

(2) الصافات 180-182] " بيان تلبيس الجهمية "(4/54).
(3) طه/110 .
(4) (شرح حديث النزول) (ص 161، 232).
(5) إبطال التأويلات (١/٢٦١) .
(6) العقيلي في الضعفاء (١/١٤٣) .

ئیمام ـی إسحاق بن راهوي دەفەرموێت : چومە ژورەوە بۆلا ی عبدالله بن طاهر (کاربەدەستی ویلایەتی خراسان) پێی وتم ئەی اسحاق ئەم فەرموودانە چیە دەیگێڕنەوە ؟ وتم الله تعالی ئیصلاح ـی ئەمیر بکات کام فەرموودەیە ؟ وتی ئەڵێن الله دائەبەزێ بۆ ئاسمان ـی دوونیا وتم بـەڵێ وتی ئایا دائەبەزێت و عەرش چۆڵ ئەبێت وتم الله ئەتوانێ دابەزێت و بێ ئەوەی عەرش چۆڵ بێت ؟ وتـــی بەڵێ وتم کەواتا بۆقسە بکەین تێیدا (کەواتا مادام بڕوامان وایە الله بەتوانا ودەسەڵاتدارە ئەوەی لەسەر ئێمەیە باوەڕ وملکەچ بونە نەکـ پرسیار لە چۆنیەتی) [7]

ابن تیمیة رحمه الله ـدەفەرموێت : (وتەی سێهەم کەوتەی دروستە و وتەی پێشەوایانی سەلەفە کە الله تعالی بەردەوام لەسەر عەرش ـە وعەرش بەتاڵ نابێت لە الله سەرەڕای نزیک بونەوەی الله ودابەزینی الله بۆ ئاسمان ـی دوونیا وە هەروەها لەڕۆژی قیامەت ـدا وەکچۆن لە کـتاب وسونەتدا هاتوە وە دابەزینی الله وەکـ دابەزینی جەستەی نەوەکانی ئادەم نیە وەکچۆن نەوەی ئادەم کاتێ لە شوێنێکەوە دائەبەزێ سەقفی ئەوشوێنە دەکەوێتە سەرەوەی مرۆڤەکـە الله تعالی دوورە لەم لێکچواندنە وپاکـ و بێ گەردە). [8]

جاسمی ئەشعەری جەهمی قبوری ئەڵێت

١- هەرکەسێ تەنها لەدڵەوە الله بناسێ و بڕوای بە الله هەبێت لە قیامەت ڕزگاری ئەبێت و ئیماندارە لەلای الله تعالـی.

٢- ئەڵێت هەرکەس بڵێ ئیمان دڵ ووتە وکردارە ئەمە وتەی خەواریجەکـانە !.

لە وەڵامی جاسم بانگخوازی کوفر ئەڵێین ئێوە کە خۆتان پێ شوێنکەوتەی زاناکانی سەلەفە هەربەوتەی زاناکانی سەلەف و ئەهلی سوننەت ئەیسەلمێنم کـە عەقیدەکەتان عەقیدەی جەهمیەکـانە

ئیمام ـی أبو عُبَيدٍ القاسِمُ ـی کوڕی سلامٍ لە بارەی وتەی جەهمیەکان ئەفەرموێت : (ئایا کەس هەیە الله بناسێت و هەمان قسەی ئەو جەهمیانە بڵێتەوە یان کەسێ هەیە بڕوای بەکتاب ـی الله ورسولەکەی بێت ﷺ قسەی جەهمیەکان بڵێتەوە؟ قسەی جەهمیەکان لەلای ئێمە کوفرێکە کەنە ابلیس و نەجگە لە ابلیس لەکافران ـی تر نەگەشتون بەو کوفرانە) . [9]

— ئێستا بابچینە سەر وەڵامدانەوەی جاسم جەهمی کە ئەڵێت ئیمان تەنها ئەوەیە لە دڵەوە الله بەڕاست بزانیت وە هەرکەس بڵێت کردار ئیمانە ئەو کەسە خــــەواریجە !

ئیمام ـی الآجُرِّيُّ رحمه الله ئەفەرموێت : (ئەوە باسەکـەم کەلەپێغەمبەر ﷺ ودەستەیەک لەهاوەڵان و زۆرێ لەتابعین ـەوە هاتوە کەئیمان بەڕاستدانانە بەدڵ و وتەی زمانە و کرداری لاشەیە هەرکەسێ وانەڵێت لەلای ئەوان (واتا لەلای سەلەف) ئەوا کوفری کردووە . (کەواتـا ئەوەی نەڵێت ئیمان ئەو سێ شتەیە لەلای سەلەف کوفری ئەنجام داوە ئەی چجای کەسێک قسەکەی جاسم بڵێتەوە ؟)

ئیمام ـی أبو عُبيدٍ القاسِمُ ـی کوڕی سلَّامٍ لەڕەدی باپیران ـی جاسم ـدا ئەفەرموێت : (باسی ئەوانەی کە ئیمان بریتیە لە ناسینی الله بەدڵ گەر کرداریشی نەبێت باسی ئەو جیاوازیەمان کرد کە مورجیئەکان لەگەڵ ئێمە هەیـانبوو لە بابەتی ئەوەی کـردار لە ئیمانە پاشان کـۆمەڵی سێهەم

(7) أخرجه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة (٣/٤٥٢) .
(8) الفتاوى (5/ 242).
(9) الإيمان (ص: 62).

پەیدابوو کە جیاوازتر لەو دوو کۆمەڵەیە کەئەم کۆمەڵی سێهەم نەخاوەن زانستن نەخاوەن دینن وتیان ئیمان تەنها ناسینی الله تعالی یە بەدڵ ئەگەرچی دانپێدانان و کرداریشی لەگەڵ نەبێت ئەم وتەیەش داماڵراوە لەوتەی هەموو ئەهلی ئیسلام بەهۆی بەربەرەکانێی لەگەڵ وتەی الله تعالی و رسولەکەی ﷺ و ڕەت کردنەوە و بە درۆخستنەوەیە بۆوتەی الله ورسولەکەی ﷺ ئایا نەت بیستوە الله تعالی فەرموویەتی (بڵێن باوەڕمان هێناوە بە الله وبەوەشی دابەزیوە بۆمان وە بەوەشی دابەزیوە بۆ ابراهیم واسماعیل) ؟ الله تعالی دان پێدانان ی کرد بەفەرزێکی حەتمی وەک چۆن ناسینی الله ی فەرزکردووە وە الله ڕازی نەبوە بەوەی بڵێت لە دڵەوە بمناسن بەڵکو لەگەڵ ناسین داوای کردووە دان بنێن بە ئیمان بون بەکتێب و پێغەمبەرەکان ی وەالله تعالی ئیمان ی هیچ یەکێک ناچەسێنێت تەنها بە بەڕاستخستنەوەی پێغەمبەر نەبێت ﷺ لە هەموو شتێکدا کەپێی هاتوە الله تعالی فەرموویەتی (ئەی ئەوانەی بڕوادارن باوەڕبهێنن بە الله و پێغەمبەرەکەی ﷺ) [النساء : ١٣٦] وە الله فەرموویەتی (نەخێر سوێند بەپەروەردگارت ئیمانیان نیە تاوەک تۆ نەکەن بەدادوەر لەهەموو کێشە وگرفتەکانیان) [النساء : ٦٥] وە الله تعالی فەرموویەتی (ئەوانەی کتێب ـمان پێدابوون پێغەمبەریان ئەناسی وئەیانزانی پێغەمبەرە ﷺ وەکچۆن مناڵەکانی خۆیان ئەناسیەوە) [البقرە : ١٤٦] الله تعالی ئەوەی نەکرد بە ئیمان کە ئەهلی کتاب ئەیانزانی محمد پێغەمبەری الله یە ﷺ چونکە بەزمانیان شایەتی پێغەمبەرایەتیان بۆنەئەیا بۆیە ناسینی دڵ نەبوو بەئیمان بۆیان) . (10)

ئیمام ی ابن قیم رحمه الله بەدلیل ی قورئان وسونەت دەمکوتی تەواوی جەهمیەکان ومورجیئەکان ئەکات لە بابەت ی ئیمان ئەفەرموێت : ئەهلی سونەت کۆدەنگن لەسەر نەمانی ئیمانی ئەوکەسە کەکرداری دڵی نەماوە تەنها باوەڕی دڵ سودی پی ناگەیەنێت کاتێ کرداری دڵ ی لەگەڵ نەبێت کەبریتیە لەخۆش ویستنی شەرع ی الله وملکەچ بون بۆی هەروەك چۆن ابلیس و فیرعەون و گەلەکەی و جولەکەکان و موشریکان لەدڵەوە باوەڕیان بەپێغەمبەر هەبوە علیهم السلام بەڵکو بەزمان بەنهێنی وئاشکراش ئەیانگوت درۆزن نیە بەڵام شوێنی ناکەوین وباوەڕی پێ ناهێنین (بەواتای ملکەچی نابین ئەگینا باوەڕیان وابوو پێغەمبەران ڕاستگۆن ولەلایەن الله ـەوە هاتون) تصدیق ی دڵ و ملکەچ بونی دڵ بۆشەرع بەدی نایەت تا بەزمان دان ئەنێت بەئیسلام چونکە گەر تەنها تصدیق ی دڵ بێ دانان هێنان بەئیسلام سودی هەبوایە ئەوا فیرعەون موسڵمان ئەبوو ! چونکە لەدڵەوە یەقینی هەبوو بە موسا الله ئەفەرمووێت : { وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ } [النمل : ١٤] وە لە ناخی دەروونیاندا متمانەو یەقینیان هەبوو بەڕاستییان زانی بەڵام نکوڵییان کردن لە ڕووی ستەمکاریی و خۆ بەزل زانینەوە نەک لە ڕووی هەق و ڕاستیەوە کەواتا تەنها تصدیقی دڵ کافی نیە گەر تصدیق ی دڵی هەبێت و بەزمانیش دان بنێت بە ئیسلام ـدا بەڵام ملکەچ ی دەرنەبڕێت بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ ئەمە دیسان پێی ناوترێ ئیمان و یەقین چونکە گەر وابوایە ئەبوو تاڵیب کەلەدڵەوە ئەیزانی پێغەمبەر ﷺ ڕاستە بەزمانیش دانی پێدا هێنا کەئەیگوت بەڵام لەترسی لۆمەی خەڵک ملکەچ نەبوو بەکافری مرد.

---

(10) الإيمان (ص: 59- 61).

وە ابن قيم لەهەمان كتابی الصلاة لا پەڕەی 25 ئەفەرموێت : دووجولەكە هاتن بۆلای پێغەمبەر ﷺ وتیان شاهێدی ئەیەین تۆ پێغەمبەری بەڵام لەترسی ئەوەی جولەكەكان بمانكوژن شوێنت ناكەوین لە كاتێكدا جولەكە لە دڵیشەوە بڕوایان پێ هەبوو بەزمانیش دانیان پێدا هێنا كەواتا لێرەوە تێگەشتین گەرئیمان تەنها دڵ بوایە ئەوا فیرعەونیش ئیماندار ئەبوو لای الله ؟ گەرئیمان دڵ و وتە بوایە ئەوا ئەو دوو جولەكەیە وابوطالب و ابلیس ئیماندار ئەبوون .

ئیمام ی ابنُ أبي العزِّ كەئەشعەریەكان بە ئیمام ی خۆیان ی ئەزانن ئەفەرموێت : (جەهمی كوڕی صفوان وابو الحسین ی صالح ی یەكێك لەسەرەگەورەكانی قەدەریەكان بۆئەوە ڕۆشتون كەئیمان ناسینی الله یە بەدڵ ئەمەش وتەیەكە فەسادیەكەی ئاشكرا و ڕوونە لەوتەی كۆمەڵەكانی پێشوتر چونكە لازم ی ئەم وتەیە ئەوەیە فیرعەون وگەلەكەشی ئیماندارین ! چونكە ئەوانیش ئەیانزانی موسا وهاورن ڕاستگۆن لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانیان پێ نەهێنان الله تعالی فەرموویەتی : { نكۆڵیان لەوەكرد كە پێغەمبەری الله بێت بەڵام لەدڵەوە یەقینیان هەبوو كەموسا ڕاستەكات .. } [النمل : ١٤] وە جولەكە وگاوران پێغەمبەریان ئەناسی وئەیانزانی پێغەمبەرە ﷺ وەكچۆن مناڵەكانی خۆیان ئەناسیەوە بەڵام ئیمانیان پێ نەهێنا و پێی كافربوون و دژایەتیشیان ئەكرد بەعەقیدەی جەهمیەكان بێت ابوطالب یش ئیماندارە چونكە (وتی ئەزانم كەدینەكەی محمد ﷺ باشترین ئاینە گەرلەبەر لۆمەی خەڵكی نەبایە شوێنی ئەكەوتم وە دیفاعیشی لە پێغەمبەر ﷺ ئەكرد بەڵام بەشاهێدی پێغەمبەر ﷺ بە كافری مردووە ولای الله ش كافرە كەواتا تەنها بەڕاست دانان بەدڵ وبەزمان ئیمان نیە) بەڵكو بەعەقیدەی ئەوان بێت ابلیس ئیماندارە بەئیمانێكی كامڵ چونكە ابلیس الله ی ئەناسی وداوای كرد ووتی (پەروەردگارم تاڕۆژی قیامەت مۆڵەتم بە) [الحجر : ٣٦] وتی (پەروەردگارم چۆن گومڕات كردم) [الحجر : ٣٩] وتی (بەعیزەت ی تۆ پەروەردگارم هەموویان سەرلێشواو ئەكەم تەنها بەندە موخلیصەكانت نەبێت) [ص : ٨٢] كوفر لەلای جەهم بریتیە لە ناسینی الله وە هیچ كەسێ نیە الله نەناسێت (كەواتا كەس كافرنیە !) .[11]

شێخ ی ئیسلام ابنُ تيميَّةَ رحمه الله ئەفەرموێت : (لەگەڵ بەڕاست دان پێویستە شتێ لەخۆشویستن وترسان لەالله ی لەگەڵ بێە ئەگینا تەنها بەڕاستدانان هیچ شتێ تری لەگەڵ نەبێت ئیمان نیە بەهیچ جۆرێ بەڵكو تەنها بەڕاست دانان وەك بەڕاست دانانی فیرعەون و جولەكە و ابلیس ە وە سەلەف ئینكاریان لەجەهمیەكان كردووە كە تەنها بەڕاست دانیان بەئیمان داناوە).[12]

الشَّهْرَستانيُّ لەباس ی عەقیدەی جەهم لە ئیماندا گێڕاویەتیەوە كەجەهم وتویەتی : (هەركەسێ الله بناسێت پاشان بەزمان نكۆڵی بكات كافرنابێت بەونكۆڵیكردنە چونكە زانست بوون بەالله وناسینی بەنكۆڵیكردن لاناچێت وەسەلەف زۆر بەتوندی ڕەدیان داوەتەوە و جەهمیان داوەتە پاڵ تەعطیل ی تەواو) .[13]

شێخ ی ئیسلام لە ڕوونكردنەوەی فەسادی وتەی جەهم باسی كردووە ئەفەرموێت : ئەصل ی هەڵەی جەهم لە بابەتی ئیمان چەند ڕوویەكە یەكەمیان وای گومان برد ئیمان تەنها ناسین و بەڕاست دانانی الله یە بەدڵ دووەم

---

(11) (شرح العقيدة الطحاوية) (2/ 460).
(12) مجموع الفتاوى (7/ 307).
(13) ((الملل والنحل)) (1/ 88).

پێی وایە ئەوەی الله حوکم ـی یاوە بە کافربونی ومانەوەی هەمیشەی لە دۆزەخ ـدا مەحاڵە ئەوکەسانە لە دڵەوە الله یان بەڕاست زانی بێت وە پێداگری ئەکرد لەسەر ئەوەی ابلیس و یهود لە دڵەوە الله یان نەناسیوە .(کەئەمەش بە درۆخستنەوەیە بۆ قورئان چونکە قورئان ئەوەی سەلماندوە کەئەوان لە دڵەوە بڕوایان هەبوە بەڵام هەر بەکافریش حساب کراون)

کەواتا وتەی جاسم وجـەهمیەکان لــە دوو ڕووەوە تــکذیب و ڕەتکردنەوەیە بـۆ قــورئان.

١- قورئان حوکمی کافربوون دۆزەخ ـی بونی هەمیشەی داوە بەسەر ئەوانەی بەدڵ و زمانیش شایەتی ئیمان ئەیەن بەڵام بەکردار ملکەچ ـی ئیمان نابن کە چی جەهمیەکان ئەوکەسانە ب ەئیماندار ئەزانن کە تەنها بە دڵ الله ئـەناسن

٢- جەهمیەکان ئەڵێن فیرعەون وابلیس و جولەکە لە دڵەوە الله یان نەناسیوە بۆیە کافرن کەچی قورئان بە درۆیان ئەخاتەوە وەک لەسـەرەوە باسمان کرد و ئایەتەکەمان هێنا { الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ } وقال تعالى : { وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ } .

پـاشان ئایا وتەی ئیمان دڵ و دانپێدانان وکردارە وتەی خەواریجە ؟

ئایـا ئێوە کەخۆتان پێ شافعی مەزهەبە ئیمام ـی شافعی خەواریجە یان ئێوە بەدرۆوە خۆتان یاوەتە پاڵ شافعی ؟ ئیمام ـی الشافعي رحمه الله ئەفەرموێت: (ئیجماع لە سەردەمی صحابە وتابعین ودوای ئەووانیش وئەوانەشی کە ئێمە پێیان گــەیشتوین هەمــوویان وتویانە ئیمان وتە وکردار ونیەت ـی دڵە ئیمان دروست نابێت بەبێ بونی یەکێ لەم سێ خاڵە).[14]

ئیمام ـی البخاري رحمه الله ئەیفەرموو : (نوسیومە لەهەزار زانا وزیاتریش هەرهەموویان وتویانە ئیمان وتە وکردارە وە ئەوانەی وتویانە ئیمان تەنها وتەیە لێم نەنوسیون) .[15]

بـەڵگەی ئەهلی سوننەت چیە لەسەر ئەوەی ئیمان وتــەوکردارە؟

(واتە وتەی زمان و وتەی دڵ لەگەڵ کرداری دڵ وکرداری لاشـە) بەڵگە لەسەر ئەوەی ئیمان ئەو سێ شتەیە بەبەبێ یەکێ لەوسێ شتە ئیماندارنیە یەکەم بەڵگە لەسەر دانپێدانان بەزمان قال تعالى: { بڵێــن (بەزمان) ئیمانمان هێناوە بەالله وەبەوەشی بۆمان دابەزیوە و بەوەشی بۆابراهیم دابەزیوە } [البقرة/ 136] پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت : (فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکـیدا تا شایەتی ئەڵێنەوە بە لااله الاالله هەرکەس وتــی لااله الاالله خوێن وماڵی لەسەرم حەرام ئەبێت تەنها بە مافەکانی ئیسلام نەبێت وە لێپرسینەوەشی لەلای الله یە)[15]

ئەم فەرموودەیە هەرسێ بەشەکەی ئیمان باس دەکات : (ئیمـان حەفتاو وئەوەندە بەشە یان شەست وئەوەندە بەشە بەرزترینی وتنی لااله الاالله یە (وتەی زمـان) وەکەمترین پلەی ئیمان لادانی نارەحەتیەکە لەسەر ڕێـگا (جۆرێکی کرداری لاشە) وەشەرمکردن بەشێکە لەئیمان (کرداری دڵە).[17]

---

(14) أصول اعتقاد أهل السنة للالكائي " (5/956)
(15) أصول اعتقاد أهل السنة للالكائي " (5/959) رقم (1597).
(16) ومسلم (21)
(17) رواه البخاري (9) ومسلم (35)

بەڵگە لەسەر ئەوەی وتەی دڵ بەشێکە لە ئیمان

قال تعالى (أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ) [المجادلة/22]
ئەوانـە ئیمان لەدڵیاندا نوسراوە .

بەڵگە لــەسەر کرداری دڵ

قال الله سبحان تعـالى : { إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (2) الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (3) أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا } [18]

باوەڕدارانی ڕاستەقینەو هەر ئەوانەن کە هەرناوی الله هێنرا، دڵیان لەبەر گەورەیی ئەو دەکەوێتە لەرزەو (ترسان لەالله کرداری دڵە)ترسی لێدەنیشێت هەر کە ئایەتەکانیشی دەخوێنرێنەوە بەسەریاندا باوەڕیان زیادو بەهێز دەبێ (بـەڵگەیە لەسەر زیادکردنی ئیمان بەچاکـە) هەر بەپەروەردگاریشیان پشت دەبەستن (دیسان کرداری دڵە) ئەوانەی کەنوێژ ئەکەن ولەو سامانەی پێمان بەخشیون لەپێناو الله ئەبەخشن ئائەوانە ئیمـــاندارن بەڕاستی وبەهەق

بەڵگـەی کە لەسەر کرداری لاشـە

قال تعالى: { وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ } [19]

فـەرمانیان پێ نەدرابوو تەنهـا بەوە نەبێ کە بە تەواوی الله بپەرستن و سەر تەنها بۆ ئەو دانەوێنن و ئایینەکەیان تەنها بۆالله یەکلابکەنەوە و لە هەموو ئایینێکی هیچ و پوچ لابدە و بە تێرو تەسەل نوێژەکانیان بکەن و لە ماڵ و سامانیان زەکات بدەن بەو شێوەیەی بۆیان ڕوونکراوەتەوە (نوێژ وزەکات کرداری لاشـەیە) وە هەر ئەو و یەکلابوونەوەیە بۆالله ونوێژو زەکات دانەیە، ئایینی پایەدارو ڕاستیە

الله تعالى: ئەفەرموێت :{ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ } [20]

الله تعالى پاداشتی ئیمانەکەتان بەفیڕۆ نایـات (ئیمام ی بوخاری ئەفەرموێ واتە ئەو نوێژانەی کەپێشتر ڕووتان لەبیت المقدس کردووە واتـا الله تعالى نوێژی بەئیمان ناوبرد) "بَابٌ: الصَّلاَةُ مِنَ الإِيمَان .

کەواتـا الحمدلله ڕوونە کەئێوە جەهمیەکی تەواون وە ئێمەش شوێنکەوتەی سەلەفیـن و شوێنکەوتەی ئیجماع ی سەلەفین با دەرویشەکانتان وەڵامان بـەنەوە گەر لەتواناتان هەیە بۆئەوەی زیاتر بەڵگە بهێنین بۆ ڕەدانەوەتان

والحمدلله رب العالمين

---

(18) [الأنفال/ 2-4]
(19) [البينة : 5].
(20) [البقرة : ١٤٣]

مەلا جاسمی ئەحمەق

بەشی یەک

نەتەوەپەرست و دین فرۆشــی جاش

ئەم مەلاگومڕایە ئەڵێت سرودی (ئەی ڕەقیب) هیچ کوفرێکی تێدانیە لە کاتێکدا سەرەتای سرودەکە بە تەحداکردن ـی الله دەست پێدەکات پەنا بە الله دەڵێت ئەی ڕەقیب هەر (الرقیب ناوێکی الله یە ئەم شاعیرە کافرە گۆڕی پڕ بێت لە ئاگر بەتەحداوە ناوی الله دەهێنێت و بانگی الله دەکات و بەالله دەڵێت) ماوە قەومی کورد زومان نایشکێنێ دانەریی تۆپی زەمان پرسیارێ لە ئێوە دەکەم کێ دانەری توپی ژیانە ؟ جگە لە الله تعالی ؟ ئەم کافرە مولحیدە کۆمونیستە ئەڵێت ئەوەی تۆپی زەمان وژیانی داناوە ناتوانێ کورد بشکێنێت ئایا لەم کوفرە گەورەتر ؟ لەم بێ ئەدەبیە گەورەتر هەیە بەرامبەر بەشکۆ و دەسەڵات ـی الله ـی گەورەمان الله ـی خاوەن دەسەڵات و پاشای هەموو جیهانیان ؟ کوا غیرەتمان بۆ الله تعالی لەبەرامبەر ئەم کوفرە و لە حەلاڵکەرانی ئەم کوفرە ؟

پاشان لە شیعرەکەیدا ئەڵێت ئێمە ڕۆڵەی ڕۆڵەی میدیا و کەی خوسرەوین میدیا و کەی خوسرەو ئاگر پەرست بون (ئایاتۆی موسڵمان کاتێ ئەم شیعرە ئەڵێیتەوە واتا شانازی دەکەی کەباوباپیرانت ئاگر پەرست بونە) پاشان دەڵێت دینمانە ئایینمانە هەر نیشتمان مەلا جاسم ـی گەمژە و گومڕا و دەجال و ئەحمەق و زندیق وپیس ئەڵێت ئەم بڕگەیە واتا لەلای دڵدار دین هێندە خۆشەویست بوە خۆشەویستی نیشتمانیشی شوبهاندوە بەدین لە وەڵامدا ئەڵێین درۆتکرد

دڵداری شـاعیر مولحید وبێ دین بوە برۆ سەیری ژیاننامەی دڵداربکەن کەسێک بوە بڕوای بەهیچ دینێ نەبوە کەواتـا دینی ئەم کـافرە تەنها نیشتیمان وزمانە دواتر گریمان قسەکەی مەلا جاسم ڕاستیش بێت کەسێ خۆشەویستی دین ونیشتیمان وەکو یەک بێت لە دڵیدا ئەوا کـافرە وموشریکە .

دین چیە؟

دین واتـا باوەڕهێنان بە الله وڕسولەکەی خۆشویستنی الله ورسولەکەی ﷺ لەهەموو شتێ زیاتر هەرکەسێ شتێکی خۆش بوێت وەکخۆشویستنی الله ئەوا کافرە وموشـریکە الله دەفەرموێت : { وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ } (1)

هەندێ لـە خەڵکـی هەیە لەگەڵ الله تعالی هاوشێوە بۆالله تعالی بڕیار دەدات وە ئەوهاوشێوانەی کە بۆالله ی بڕیارداوە خۆشیان دەوێت وەک خۆشەویستی الله بـەڵام ئەوانەی وا باوەڕیان هێــناوە، الله یان لـەهەموو شتێک زیاتر خۆش دەوێ

ئەم ئـایەتە بخوێننەوە بــەدڵ

الله دەفەرموێت { فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ (94) وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ (95) قَالُوا وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ (96) تَاللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (97) إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (98) وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ (99) } (2)

ئینجا هەموو ئەوان و گومڕاکانی تر دەمەو ڕوو فڕێ دەدرێنە ناو دۆزەخەوە. لەگەڵ هەموو سەرباز و شوێنکەوتو ەکانی ابلیس ـی لەعنەتی ئائەم کافرانە لەناو دۆزەخ دەمەقاڵێ دەکەن بەیەکتری ئەڵێـن واللە ئێمـە لەگومڕایەکی ئاشکرابوین چونکە غەیری الله تـعالی مـان یەکسـان کرد لەگەڵ الله تعالی ئەو سەرکردە وپێشەوا گومڕایانە ئێمەیان توشی گومڕای وڕێگای نەهەق کـرد.

کەواتـا ئەگەر قسەکەی مەلا جـزمە (جاسم) ڕاستیش بێت ئەوا دیسان کوفرێکی سەڕیحە چونکە خۆشویستنی دین ونیشتیمان وەکو یەک کـــوفر وشەریکدانان بۆ الله تـــعالی

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (هیچ یـەکێ لەئێوە ئــیمـــانی نیە تامن خۆشەویسترنەبم لەلای لەمنداڵەکەی لەدایک وباوکی ولەتەواوی خەڵکــی) (3)

بۆیە لەبڕی گوێگرتن لەو مەلا دین فرۆش و عەمامە پیسانە تفیان تێ بـکەن جا تۆی موسـڵمان کاتێ ئەم سرودە ئەڵێیت بەو بڕگەیە شایەتی بەکافربونی خۆت دەدەی الله تعالی دەفەرموێت : { ولقـد قالوا كلمة الكفر وكفروا بعد اسلامهم } (4) یەکـ وشەی کوفریان وت بەوهۆیەشەوە کافربونەوە لەپاش ئەوەی سەرەتا موسڵمان بون .

ئەوە من پێم گەیاندن لەقیامەتـدا مەڵێن یارب ـی خەتای مەلاکان بوو ئێمەیان بەهەڵەدا برد وەک الله باسیان دەکات ـو دەفەرموێت ئەوکەسـانەشی کە شـوێن ئەم زانا خراپانە دەکەون لە قیامەتیشدا لەگەڵ ئەوان حەشر ئــەکرێن : { بەتایبەتی لە ڕۆژێکا کە دەم و چاویان لە ناو ئاگری دۆزەخدا ئەم دیوئەو دیوی پێدەکرێت تا چاک ببرژێ دەڵێن: بریا بە فەرمانی الله مان کردبایە گـوێڕایەڵی پێغەمبەریش باین وە ئەڵێن: پەروەردگارا! بێگومان ئێمە گوێڕایەڵی سەرۆکەکان وزاناکانمـان بوین ئاغاو گەورەکانمان بووین و «بە گوێی ئەوانمان کرد» ئەوانیش ڕێیان لێ هەڵە کردین و «چەواشەیان کردین» } (5)

ابن كثير لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ : واتە شوێن سەرکردە وگەورەکانمان کەوتین لە شێخەکـان و پێچەوانەی پێغەمبەرمان کرد ﷺ وە وامان گومان دەبردن ئەم شێخانە لەسەر هەقن بەڵام ئێستا دەرکەوت کەلەسەر بەتاڵن پەروەردگاری ئێمە! دوو هێندە سزایان بدە، واتە: سزای گومڕایی خۆیان و سزای گومڕاکردنی ئێمەیان بدە نەفرینێکی زۆریان لێ بکەو لە میهرەبانی خۆت زۆر زۆر دووریان بخەرەوە.

بــەڵام ئەم قسانە دادیان نایەت چونکە ئەمڕۆ تـۆ ئەم بابەتە ئەخوێنتەوە هێشـتا بەقسەی مەلا گومڕاکان دەکەی دەسا دڵنیابە مەلاکان وسەرۆکەکانت لە دۆزەخ ئەمەت پێ ئەڵێنەوە : { ئەوکاتە کە سەرۆک و پێشەواکان، لە پەیڕەوانی خۆیان بێزار دەبن و حاشایان لێ دەکەن وخۆیان لەشوێنکەوتوانیان بەری دەکەن کە بەچاوی خۆیان سزاکە دەبینن، هەموو پەیوەندیی و هۆیەکی نێوانیان پچڕاو لێکترازاو ئەبێت وە بەخزم و کەس و کارو گرۆهەکانیان هیچ هیوایەک نەما } (6)

(1) [البقرة : ١٦٥]
(2) [سـورة الشـعراء]
(3) [رواه مسلم 44]
(4) [[التوبة : 74]]
(5) [الأحزاب: 66 - 68]
(6) [البقرة : ١٦٦]



بیدعەی حەسەنە !

ئەو وشەیەی لەلای مەلا بیدعەچی و گومڕاکا
نەوە ڕەواج ـی پێ دەدرێت بۆ برەودان
بـە بیدعەکردن و داهێنانگردن لـە دیندا

مەلا سەربازە جاهیلی قبوری ئەشعەری

بیدعەکـردن لەدیـندا بەوشتە دەوترێت کە کەسێک ڕێگایەک دادەنێت بەمەبەستی نزیکـ بونەوە لە الله تعالی لەکاتـێکدا قورئان وسونەت ئەو ڕێگایە دانەنراوە بۆ دینداری کـردن چونکـە قاعیدەیەکی شـەرع ـی هەیە (ئەصـڵ لە شەرع ـدا ئەوەیە هیچ جۆرە پەرستنێ ئەنجام نەدرێت ئەگەر لە قورئان وسونەت بەڵگەی لەسەر نەهاتبێت واتا هیچ پەرستنێ ناکرێت بێ بوونی بەڵگەی شەرعی) بەڵام بۆکاروباری دونـیا (ئەصڵ وایە حەڵاڵە تـا بەڵگەیەک لە قورئان وسونەت یان ئیجماع یان قیاس هاتبێت بەحەرام کردنی)

ئەهلی بـیدەع کـاروباری دونیا و دینیان تێکەڵ کردوە وادەزانن بۆیان هەیە بەناوی دیـنەوە یاسا دابنێن وبیکەن بەخێر وعیبادەت بۆخەڵکی لە کاتـێکدا الله تعالی ورسولەکەی ﷺ ڕوونیان کردۆتەوە کە دین ـدانان تـەنها تعالی ئەوشتەی نەکردوە بەدین،بۆنمـونە فەرمانمان پێکراوە زیکری الله بکەین لە سونەت ـدا بۆمان ڕونکراوەتەوە بە سەرە پەنجەکانمـان زیکر بکەین ئەهلی بـیدەع دێن دەڵێن بەتەسبیح زیکر بکەن ئەوەش خێرە ئەمە پیی دەوترێ بیدعەی اضافی واتە زیکرەکە لەشەرع ـدا ئەسڵی هەیە بەڵام ئەمان چۆنیەتیەکیان بۆزیاد کـردوە کەلەشەرع ـدا نەهاتوە

– یان بۆنمونە ئاهەنگێڕان بەیـادی لە دایکبونی پێغەمبەر ﷺ هیچ بەڵگەیەکـ لە قورئان وسونەت نەهاتوە ڕۆژی لەدایکبونی پێغەمبەر ﷺ تایبەت بکات بۆ ئەهانگێڕان و شرینی بەخشین ..هتد بەڵام دەبینیت ئەهلی بیدەع ئاهەنگێڕانیان کردوە بـەدین وخێر لەکاتێکدا لەدین نەهاتوە ئەمە پێی دەوترێ بیدعە واتا ئەسڵی نیە لەشەرع ـدا مرۆڤ دایهێناوە خستویەتیە پاڵ دینەوە.

ئایا له دیندا هیچ بیدعەیەک هەیە ڕێگەپێدراو بێت وچاکە بێت؟

وەڵام نـەخێر چونکـە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (هەموو نوێگەریەک داهێنراوە وهەموو داهێنراوێک گومڕاییە و هەموو گومڕاییەک بۆ ئاگرە) فەرمـووی هەمووی نەیفەرموو هەندێکـی [رواه النسائي في سننه: صلاة العيدين: باب كيف الخطبة]

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر وتاری دابوایە ئەیفـەرموو : (لەپـاشان ـدا باشترین وتە کتاب ی الله یە وباشترین ڕێنمای ڕێنمای محمد ـە ﷺ و خراپترینی کارەکان ئەو شتانەن بەناوی دینەوە دادەهێنرێن و هەمـوو بیدعەیەکـ گومڕاییە) [رواه مسلم رقم (867)]

کەواتا هەموو بیدعەیەکـ گومڕاییە بەدەق ی فەرموودە مەلا سـەرباز چەواشەکاری ئەکات ئەڵێت بەوتێگەشتنە بێت مۆبایل وئای پادیش بیدعەیە وگومڕاییە ئێمـەش ئەڵێین رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕوونی کـردۆتەوە کە داهێنان لە دین دا گومڕاییە نەک لە دوونیا وەک ئـەفەرموویت : (هەرکـەسێ شـتێ داهێنێت لە دیــنەکەمان لەکاتێکدا لەدین نەهاتبێت ئەو کردەوەیە ڕەد ئـەکرێتەوە)

[رواه البخاري فتح رقم (2697)]

داهێنانی بیدعە و ناوبردنی بەبیدعەی باش تانەدان ـە لەوەی ئیسلام کامڵ نیە پێویستی بەوە هەیە خۆمان شـتی بۆ زیاد بکەین قـال الله تعالى: { الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا } [المائدة/ 3] ئەمڕۆ دینەکەتـانم بۆکامڵ کـردن و نیعمەتی خۆم ڕشـت بەسەرتاندا بەتەواوی وە ڕازیش بوم بەوەی ئیسـلام دین وڕێبازتان بێت .

– کەواتـا دین کامڵ بوە هەرکەسێ شـتێ بۆ دین زیادبکات ئەوە خۆی کردۆتە شەریـکی الله وشەرعی داناوە

ئیمام ی الشاطبي لـە الاعتصام ت (ج1/ص64- 65) دەفەرموێـت : ابن مـاجشون دەفەرمویێ بـیستم لەمالـک دەیفەرموو هەرکەسێ بیدعەیەکـ دابنێت و پێی وایێت بیدعەیەکی چاکـە ئەوە گومانی وایە محمد ـ ﷺ ناپاکی کردوە لەگەیاندنی دینی الله چونکە الله دەفەرموێت : (ئەمڕۆ دینەکەم بۆ کامڵ کردن) هەرشـتێ لەو ڕۆژەدا دین نەبوبێت ئەمڕۆ نابـێت بە دین.

ئیمـام ی شافع ی رحمه الله دەفەرمووێت : (هەرکـەسێ بڵێت ئەم بیدعەیە چـاکە ئەوە شەرع ی داناوە) [المستصفى 24]

شەرعدانان چیە ؟

الله دەفەرموێت : { أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ } [الشورى : ٢١] ئاخۆ ئـەوانە چەند هاوبەشێک بۆ الله دادەنێن بەوەی چەند یاسا بەرنامەیەکیان بۆ داهێنابن لە ئایین کە بە هیچ شێوەیەکـ الله مۆڵەتی نەدابن وشـتی وای نەفەرموە

وەڵامــی گومان ی ئەوانەی ئەڵێن ئیمام عـمر فەرموی ئەمە بیدعەیەکی باشە !

شـێخ ی ئیـسلام ابن تيميه دەفەرموێت : (پێغەمـبەر ﷺ لەسەردەم ی خۆیدا نوێژی تەراویح یان دەکرد بەتاک وبەجەماعەت بەڵام لەشەوی سێهەم یان چوارەم کاتێ هاوەڵان کۆبـونەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموی (ئـەوەی ڕێگری لێکـردم لەوەی بـێم بۆلاتان ئەوەبوو ترسـام تەراویح بەجەماعەت ببێت بە فەرز لە سـەرتان هەربـۆیە لە

ماڵەکانتان نوێژبکەن چونکە باشترینی نوێژەکان ئەوەیە لەماڵ بکرێت جگەلەنوێژە فەرزەکان) پێدەچێت دەرنەچون ی پێغەمبەر ﷺ بۆ نوێژی تەڕاویح لەشەوی چوارەم بەدواوە لەترسی ئەوەبوبێت کەبەوهۆیەوە لەسەریان نەبێت بەفەرز کەواتە ئەگەر ترسی فەرزبونەکە نەبایە دەردەچوو بۆ لایان بەڵام لەسەردەم ی ئیمام ی عمر دا هەموو نوێژخوێنانی بۆنوێژی تەڕاویح کۆکردەوە لەپشت ئیمامێک وەک ئەمەی کەئێستا دەکرێت کۆبونەوەیان لە پشت ئیمامێ بۆ نوێژی تەڕاویح ئیمام عمر ناوی ئەم کارەی برد بەوەی ئەمە بیدعەیەکی باشە چونکە لەزمانەوانیدا بەم کارە دەوترێ بیدعە بەڵام بیدعە نیە لەشەرع دا چونکە لەسونەت دا ئەم کارە بەکارێکی چاک ناوبراوە ئەگەر ترسی فەرزن بونەکەی نەبوایە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئەوا بەردەوام دەبون لەکردنی بەڵام بەمردنی پێغەمبەر ﷺ ترسی فەرز بونەکە نەما بۆیە کێشە نەما لەئەنجامدانی بەوشێوەیە .[اقتضاء الصراط المستقيم" (2/ 95-97)]

کەواتە تەڕاویح کردن بە جەماعەت ئەسڵی هەبوە بەوشێوە بەڵام لەترسی ئەوەی وەحی دانەبەزێت بۆ فەرزکردن ی پێغەمبەر ﷺ نەیکرد بە هاوەڵان بەڵام بەمردنی ئیتر وەح ی دانابەزێت هەر بە سونەتی دەمێنێتەوە ناوبردنیشی بە بیدعە لەڕووی زمانەوانیەوەیە کە لەسەردەم پێغەمبەر ﷺ لەترسی فەرزنەبون هەموو مانگەکە ئەنجام نەدرا بەڵام بەلاچونی ئەوترسە هەموو مانگەکە بەوشێوە ئەنجام درا بۆیە لە زمانەوانیدا پێی دەوترێ داهێنراو بەڵام لەشەرعدا سونەتە چونکە بەوشێوە ئەنجام دراوە .

ئایا ئاهەنگێڕان بەیادی لە دایکبونی پێغەمبەر ﷺ و بەشداری تێداکردنی خێر و چاکەیە؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (بەڕاستی و بێ گومان من لەسەر ڕۆشنایيەك ئێوەم جێ هێشتووە، شەوی وەك ڕۆژی وەهایە، هەركەسێك دوای من لێی لابدات، بێگومان تیاچووە) [أخرجه احمد]

لەو دینەی رسول الله ﷺ بۆی جێهێشتوین ئاهەنگێڕانی تێدانیە ئەوەی لەودینە لابات تیاچووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : باشترین سەردەم وسەدەی سەدەی منە ، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان ، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان . جا لەو سێ سەدەیەدا کەس یادی ئاهەنگێڕان بە لەدایکبونی پێغەمبەر ﷺ نەکردۆتەوە کەواتە ئەم یادکردنەوەیە فەرمانی لەسەر نەهاتوە و وەرناگیرێت و ڕەفزئەکرێتەوە و دەبێت بەبیدعە وگومڕایی.

— تەنانەت یەک ئایەتیش لەقورئانی پیرۆز و یەک فەرموودەش نەصەصیح و نەزەعیف لەو بارەیەوە نەهاتووە ولەهاوەڵانیشەوە نەهاتووە کاری وایان کردبێت .

— پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی ئەو یادەی نەکردۆتەوە ، و هیچ یەکێک لەهاوەڵان وخانەوادەکەشی کاری وایان نەکردووە .

— ئیمام ی ئەبو بەکر دوو ساڵ حوکمی کرد و ئەو یادەی نەکردەوە

— ئیمام ی عومەری کوڕی خەتاب دە ساڵ حوکمڕانی کرد و ئەو یادەی نەکردەوە لەکاتێکدا ئەو جیاکەرەوەی حەق وناحەق بوو و یەکێک بوو لەهەرە تێگەیشتوەکانی ئوممەت !

— ئیمام ی عوسمانی کوڕی عەففان سیازدە ساڵ حوکمی کرد و ئەو یادەی نەکردەوە لەکاتێکدا مێردی دوو کچی پێغەمبەر ﷺ بوو و بەشەرمرینی ئوممەت بوو!

— ئیمام ی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب چوار ساڵ حوکمی کردو

و ئەو یادەی نەکردەوە لەکاتێکدا مێردی فاتمەی کچی پێغەمبەر ﷺ بوو و ئامۆزای بوو!

— ئیمام ی موعاویە کەنوسەری وەحی بوو ئەو یادەی نەکردەوە .

— حەسەن وحوسەی یادی لەدایک بوونی باپیریان نەکردەوە لەکاتێکدا سەرداری گەنجانی بەهەشتن !

— پێغەمبەری ﷺ وەفاتی کرد ، و ژمارەی هاوەڵان زیاتر بوو لەدوو سەد هەزار و کەسیان ئەو یادەیان نەکردەوە !

— تابیعیەکان لەدوای ئەوان ئەو یادەیان نەکردەوە !

— چوار ئیمامە بەرێزەکە: (أبو حنيفة ومالك والشافعي وأحمد) ئەو یادەیان نەکردەوە !

کـەواتـا ئـەبێ ئەوە بزانین ئەم یـادە لەلایەن فاطمیە رافیزەکانەوە داهێنرا و ئەوان ئەم بیدعەیان دروست کرد جاهەرکەسێ واز لەقورئان وسونەت وصحابە وتابعین دەهێنێت شوێن ڕافیزە وفاطـمیەکان دەکەوێت ئاوا دۆزەخ ی لێ پیرۆزبێت.

وەڵامێك بۆ سەربـازە جاهیلی قبوری ئەشـعەری

ئەم جاهیلە هاتوە دەڵێت بەپێی ئەم فەرموودەیە شیرك لەناو ئومەتی ئیسلام ڕوونادات ئیلا مەگەر حاڵەتێکی دەگمەن وتاك تاك ! لەفەرموودەکەدا کەئەم جاهیلە استدلالی پێوە دەکات پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ (وإني والله ما أخاف بعدي أن تشركوا) جا ئێمـە دوو ڕێگامان لە پێشـدایە یەکەمیان یان دەبێت ئەم فەرمووده بەتێگەشتنی ئەقڵی سەربازی جاهیل وەربگرین یان دەبێت بەتێگەشتنی زانایان جا من تێگەشـتنی دوو زانا ئەهێنمەوە کـەلەلای سەرباز قبوڵکراون

النووي رحمه الله لە شرح مسلم دەفەرموێت : لەم فەرموودەیەدا موعجیزەی پێغەمبەری تێدایە ﷺ کەهەموو ئومەتەکەی بە یەکـجاری مورتەدنابنەوە واللە تعالى پاراستونی لەوەی هەموویان هەڵبگەڕێنەوە لە دین بەڵام منافەسە دەکەن لە پێناو دونیا و هـەموو ئەمەش ڕوویداوە.

الحافظ ابن حجر العسقلاني رحمه الله : "دەفەرموێت : لێتان ناترسم هەموتان موشریک بننەوە چونکە بێ گومان شیرک ڕوویداوە لـەناو هــەندێکدا الله بمان پــارێزێت وە لەم فەرموودەیەشدا موعجیزەی پێغەمبەری تێدایە ﷺ هەربۆیە نوسەر لە علاماتی پێغەمبەرایەتی ئەم فەرموودەی هێناوەتەوە . [انتهى من "فتح الباري" (3/ 211)]

بەڵگـەش لەسەر ئەوەی ئەو فەرموودەیە مەبەست پێی ئەوەیە هەموو ئومەت بە یەکجاری نابن بە موشریک ئەگینا دەکرێت زۆربەی ئومەت یان نیوەی ئومەت ببنەوە بە موشریک ئەم فەرموودانەیە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : قیامەت هەڵناسێت تاکو کـۆمەڵێ لەئومەتەکەم دەبنەوە بەموشریک و تاکو دەست دەکەن بەبت پەرستی وە لەناو ئومەتەکەم دا سی درۆزن پەیدا دەبن هەموویان لافی پێغەمبەرایتی لێ دەدەن بەڵام من کۆتا پێغەمبەرم وپێغەمبەر نیە لەپاش من . [سنن الترمذي 2219]

لە ڕیوایەتی أبي دَاوُدَ هاتوە دەفەرموێت : (وَحتَّى تَعْبُدَ قَبَائِلُ مِنْ أُمَّتِي الأَوْثَانَ) تاکـو کۆمەڵێ لەئومەتەکەم بت دەپەرستن .

ئیمام ی البخاري (7116) ومسلم (2906) ڕیوایەتیان کردوە لە أَبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کە رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فەرموویەتی : قیامەت هەڵناسێت تاکو ئافرەتانی دەوس بەهۆی طەوافکردنیان بەدەوری بتی ذی خلصە سمتیان لەیەکتری دەدات .

ئیمام النووی رحمە الله ـدەفەرموێت : کافردەبنەوە دەگەڕێنەوە بۆ بت پەرستی [شرح صحیح مسلم " (18 / 33)] ئیمام مسلم (2907)ڕیوایەتی کردووە لە دایکە عائیشەوە فەرموویەتی بیستم لە رَسُولَ اللَّهِ ﷺ دەیفەرموو : شەو ڕۆژ تێناپەڕێت تاکـو دووبارە لات وعوزا دەپەرسترێن .

لە پاش وەفاتی پێغەمـبەر ﷺ زۆربەی ئومەت مورتەدبونەوە هەیانبوو بون بەبت پەرست وهەیان بوو شوێن موسەیلەمەی کذاب کەوتن هەشیان بوو مەنع ی زەکات و جحدی قەدەری الله یان کرد کەواتـا مەبەستەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە زانایان فەرموویانە هەموو ئومەت تێکرا نابنەوە بە موشریک ئەگینا دەکرێت زۆربەی ئومەت ئومـەت مورتەد ببنەوە .

وەک ئیمامی طەبەری رحمـە الله فەرمویەتی : عەرەب هەمویان مورتەدبونەوە دوای پێغەمبەر ﷺ وە ڕیدە هەمویانی گرتەوە ئیلا دەستەیەک نەبێت لەمەدینە و دەستەیەک لە طائف ابوبکری صدیق شەڕی دژیان کرد و لە مورتەدبونەوەیان پاشگەزیانی کردەوە .[تاریخ الطبري 2: 475]

اله البداية والنهاية 6: 344 لە فصل في تصدّي الصدّيق لقتال أهل الردّة ومانعي الزكاة هاتوە ابن کثیر ڕیوایەتی کردوە لە ابن إسحاق کە فەرموویـەتی : عەرەب هەڵگەڕانەوە لەدوای وەفاتی رسول الله ﷺ تەنها خەڵکی دومزگەوتەکە نەبێت مەکە و مەدینە.

کـــەواتا تێگەشـتنی هاوەڵان بۆفەرموودەکە گەر وەک تێگەشتنی سەربازە جاهیل بوایە دەبوو تەکفیر وقتال ی مورتەدانیان نەکردبایە هەربۆیە هاوەڵی بەڕێز حذیفە فەرموویەتی : سەردەمانێ دێت بەسەر خەڵکیدا گەر تیرێك بهاوێژێت لەڕۆژی هەینیدا ئیلا بەر کافر ومونافقێك دەکەوێت . (واتا لەڕۆژی هەینی مـــزگەوتەکان پڕن چۆن تیر بهاوێــژی بەرکافر دەکەوێت لە زۆربونی کافران لەناو مزگەوتەکان وهەڵگەڕانەوەی خەڵکی لە دین) جگە لەو هەموو ئایەت وفەرموودانەی باسی مورتەدبونەوە دەکەن بە قسەی ئەم جاهیلەبێت دەبێت باب ی ڕیدە بسڕێتەوە و باسنەکرێت پاشان سەربازی جاهیل ائمـەی نجدی و شێخ ناصر بن فهد بەوە تۆمەتبار دەکات کە تەکفیرکردنیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی سیاسی بوە نەک مەنهەج ی منیش دەڵێم بەڵی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتی شیرک و سۆفی شیعەگەری ڕافیزە و گۆڕپەرستی بوە بەوتەی جگە لە نەجدیەکان .

محمد قطب لە کتابی (واقعنا المعاصر) ص 155دەڵێت : سۆفیەت بڵاوبویەوە لە کۆمەڵگای عەباسی بەڵام پەراوێزخرابوو لە کۆمەڵگا بەڵام لەسایەی دەوڵەتی عوسمانی و لەتورکیا بەتایبەت بوو موڵکی کۆمەڵگا و بوو بەدین لە (الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب المعاصرة) ص348 دەڵێت : بەکداشیە تورکە عوسمانیەکان پەیڕەوییان لەم ڕێبازە دەکرد کە تائێستاش بەربڵاوە لە ئەلبانیا ئەم ڕێبازە نزیکە لە تەصەوفی شیعی نەک تەصەوفی سونی وە ئەم ڕێبازە دەسەڵاتێکی باڵای هەبوو بەسەر کاربەدەستانی عوسمانیەکان .

لە کتابی (الفكر الصوفي في ضوء الكتاب والسنة) ص411 دەڵێت : دەسەڵاتدارە عوسمانیەکانیان مونافەسەی یەکتریان دەکرد لە دروستکردنی تەکیە و گۆڕی بەکتاشیەکان .

جگە لە بابەتی گۆڕپەرستی دەوڵەتی عوسمانی حوکمی بەقانونی انگلیز دەکرد وحدودە شەرعیەکانیان گۆڕی هەربەوهۆیەشەوە سوڵتان سلیمان ناوبرا بەسلیمان قانونی

بۆ زیاتر شارەزابون بە کوفری دەوڵەتی عوسمانی نامیلکەکەی شێخ ناصربن فهد بخوێنەوە ئینجا تێدەگەن تەکفیرکردنی عوسمانیەکان دین و تەوحیدە نەک سیاسەت خۆ گەر سیاسەت یش بێت سیاسەتێکی شەرعیە و داخوازی تەوحیدە.


مەلا محمدی مـەلا فایەق

پەرستن ـی هیتلەر وکافرە ئەصلیەکان لەم سـەردەمە بە مەرجـی ئیقامە حوجە حوکم ـی دۆزەخیان لەسەر ئـەیات

وەک خۆی ئەڵێت (ئەوانەی هیتلەریـان پەرستووە ئەگەر زانی بێتیان پەرستن هیتلەر حەرامە و تەوبەیان نەکردبێت لەسەری ئەوا لە قیامەت شوێن ـی ئەکەون بۆ دۆزەخ) لە کـاتێـکدا شوێنکەوتوان ـی هیتلەر لە سەدەی 19 ژیاون واتا چەندین سەدەیە پەیام ـی ئیسلامیان پێ گەیشتوە لەگەڵ ئەوەشدا لەلای محمد ملا فایەق بەو مەرجە حوکم بە دۆزەخ ـی بونیان ئەدرێت کەزانی بێتیان پەرستن ـی هیتلەر حەرامە !

بـەڵام بابگەڕێینەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ تا بزانین محمد ملا فایەق چۆن دین ـی گۆڕیوە و چۆن دەستکاری دین ـی کردوە أعرابیّەکـ هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی ئەی ڕسول الله ﷺ باوکم کاتی خۆی سیلەی ڕەحم ـی ئەگەیاند و ئاوا و ئاوا چـاکەی ئەکرد ئایا باوکم لە کوێیە ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی لە دۆزەخە پیاوەکە وتی ئەی رسولَ اللَّهِ ﷺ ئەی باوکی خۆت لە کوێیە ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی هەرکاتێ گەشتی بە گۆڕێ هەر هاوبەشدانەرێ موژدەی دۆزەخ ـی پێ بـە کابرای دەشتەکی بوو بە موسڵمان و پاشان وتی پێغەمبەر ﷺ ئەرکێکی پێ ڕاسپاردووم بەلای گۆڕی هیچ کافرێ تێنەپەڕیوم ئیلا موژدەی دۆزەخ ـم پێداوە .[صحيح ابن ماجه 1288]

ئایـا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەگەر زانیت موشریکەکە زانیویەتـ ی شیرکەکەی حەرامە ئەوکات حوکم ـی لەسەربە ؟؟ بێگومـان نەخێر



چونکە پێش هاتنی شەرعی ئیسلام ئاینە هەقەکەی ابراهیم علیه السلام مابوو بەڵام خەڵکـ خۆیان دەست بەرداری شیرک نەبوبون و نەئەگەڕان بەدوای دین ـی هەق جا ئایا دوسەدە لەمەو پێش ئیسلام لەسەر زەوی نەبـوو ؟! ئایا شەرعی ئیسلام نەهاتبوو ؟؟ بێگومـان لەوکاتە ئیسـلام لەهەموو سەرزەوی ناوبانگی بڵاوببویەوە خەڵک کەخۆیـان نەگەڕاون بۆ ئیسـلام بەنەزان بونیان عوزریان پێنادرێت چونکە سەردەمەکە سەردەم ـی بونی ئیسـلام وشەریعەت بوە

ئیمام ـی ابن قیم رحمه الله ئەفەرموێت لە طریق الهجرتين 412 : بنەمای دووەم سزای قیامەت بەدوو هۆکار بەدی دێت هۆکاری یەکەم ئەوکەسـە پشت هەڵبکات لە بەڵگـە وە ئیرادەی نەبێت خۆی فێری دین بکات و کار بە داخوازیەکانی بکات هۆکاری دووەم عینادی کـردن بەرامبەر بەبەڵگە وعینادیکردن بە داخوازیەکانی جا

جـۆری یەکەم / کـــوفری پشتهەڵکردنە
جـۆری دووەم / کـــوفری عینادە.

کەواتـا کە ئاینی هەق لەسەر زەوی هەبێت هەرکەسێ لەسەر شیرکـ مرد ئەوا شاهێدی دۆزەخ ـی بۆ ئەدرێت چونکە خۆی نەگەڕاوە بەدووای ئاین ـی هەق وپشت ـی هەڵکردووە جابزانێت یـان نەزانێت وەعوزر بەنەزان ـی بۆقیامەت ـی کافران ناهێنرێتەوە چونکە پێش ئیسـلامیش پێغەمبەر ﷺ عوزری نەیاوە بەقیامەت ـی مردووان لەسەر شیرک ئەی چجای پاش هاتن ـی ئیسـلام ئەوا بەهیچ جۆرێک کافران وبت پەرستان عوزری قیامەتیان پێ نادرێت بە نەزان ـی (ئەمەش مانای ئەوەیە مەلا محمد ڕای جیاوازە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ) .

پاشان بڕگەی دووەم ئەڵێت ئەوەی ئینکاری ئایەت و سونەت و کاروبڕیارەکان ـی الله تعالی و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات لەوەئەچێت پێی بوترێت کـافر !

لە کـاتێکدا مەلا محمد قسەکەی بەڕەهایی ئەکات واتا ناڵێت ئەگەر بابەتەکە خەفی بێت بەڵکوبەڕەهایی ئینکاری هەرئایەت وسونەتێک بکەیت جا خەفی بێت یان ئاشکرا لەلای مەلا محمد هێشتا جەخت لەسەر تەکفیرکردن ـی ناکرێت لە کاتێکدا لە قورئان وسونەت هەرکەس نکۆڵـی یەک حوکمی ئاشکرای ئیسـلام بکات بێ دوودڵـی کافرە و هیچ عوزرێکی پێنادرێت کەچی لەلای مەلا محمد جیاوازی نیـە لە نێوان حوکم ـی ئاشکرا و حوکمێکی خەفی بەڕەها بۆ ئاشکرا و خەفی عوزر دائەنێت و جەخت لەسەر تەکفیرکردن ـی بکەرەکەی ناکات ئەمەش پێچەوانەی دەقی سەرێح ـی قورئانە کە تەکفیری ئەوانەی کرد کە گاڵتەیـان بە پێغەمبەر ﷺ کرد وعوزری پێ نەیـان وە پێچەوانەی سونەتە کە پێغەمبەر ﷺ عوزری نەیا بەو پیاوەی ئینکاری حەرامبون ـی زاواج ـی کرد لەگەڵ باوەژنەکەی وە پێچەوانەی ئیجماع ـی هاوەڵانە کەعوزریان نەیا بە شوێنکەوتوان ـی مسیلەمە بە نەزان ـی و تەئویل چونکە کوفرەکەیان ئاشکرا بوو بێ هیچ گومانێکـ تەکفیریان کردن وە پێچەوانەی مەنهەج ـی سەلەفە کە عوزریان نەیاوە بە وانەی ئینکاریان لە زانست ـی پێش وەختەی الله تعالی ان ئەکرد لە قەدەریەکان وە پێچەوانەی مەنهەج ـی شێخ ـی ئیسلام وزانایـان ـی ئەوسەردەمەیە کە عوزریان نەیا بەو بەناو موسڵمانانەی ئەچونە ڕیزەکان ـی تەتار وە پێچەوانەی مەنهەج ـی زانایان ـی نەجدە کە تەکفیری دەوڵەت ـی عوسمانی وسەربازەکانیان کرد وعوزریان نەیانێ

کەچـی مەلا محمد بێ جیاوازیکردن لە نێوان حوکم ـی خەفی وحوکم ـی ئاشکرا تێکڕا عوزر دائەنێت و دوودڵە لە تەکفیرکردن ـی بکەرەکانیـان ! کەواتا پێمان بڵێ ئەی بەناو مەلا ئایا پێشەوای تۆ کێیە ! چونکە لە سەلەفەوە تا خەلەف نمونەمان هێنایەوە کە جیاوازیان کردووە لە نێوان بابەت ـی خەفی و ئاشکرا لە بابەتە ئاشکراکان دوودڵ نەبوون لە تەکفیر بەڵام تۆ ئاشکرا و خەفیت کرد بـەیەک و دوودڵ بویت لە تەکـفیر کەواتا مافی خۆمانە بپرسین ئایا کێ پێشەوای تۆیە لەم وتانە ؟



حوكمی موناسڕانی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر

مەلا عادل عیزەت

الله تعالی دەفەرموێت لە سوڕەتی البقرة : { إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (160) } ئیمام ی قەتادە لەڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت : واتە الله تەوبەی ئەوکەسە وەرئەگرێت کەنێوان خۆی واللە تعالی چاک بکات وە ئەو هەقەی لەلایەن الله وە هاتوە ڕونی بکاتەوە و نەیشارێتەوە و نکۆڵی لێ نەکات ئائەوانە الله تعالی تەوبەیان وەردەگرێت وەک الله فەرموویەتی هەرخۆم لەتەوبەکاران خۆش دەبم و بەخشندەم بەرامبەریان. [الطبری]

الله تعالی سێ مەرجی داناوە بۆ وەرگرتنی تەوبە...

١- پەشیمان بونەوە لەو کوفر و گومڕای و نەفامیانەی پێشوتر

٢- لە بڕی کوفرەکان وگومڕایەکان پابەندبێت بەدەستگرتن بە ئیمان وتەوحید وسونەت وطاعەت

٣- ئەو کوفر وگومڕایانەی پێشتر بڵاوی دەکردەوە ئێستا ڕونی بکاتەوە کەئەوشتانە کوفر وهەڵەبوە

ئێستا مەلا عادل عزەت ئەوقسانەی لەم ڤیدۆیە کاتی خۆی کردویەتی ماڵە بەسەریەوە لە ئەحکام ی دوونیادا تا ڕونی دەکاتەوە کەئەوقسانەی کردوویەتی ئێستا لێی پەشیمانە و بەکوفری بزانێت ئەگینا حوکم ی ئەم قسانە لەسەر عادل عزەت بەردەوام دەبێت تا ڕاگەیاندی بەڕائەت لەو قسانە. دەڵێ باوکم شەهیدی یەکێتیە ! شەهید لەلای الله ورسولەکەی ئەوکەسەیە بۆبەرزکردنەوەی وشەی الله دەجەنگێت نەک بۆ بەرزکردنەوەی عەلمانیەت دەڵێت خزمەکانم ئاسایش و پێشمەرگەن ن بەکافریان نازانم !

پیشەی پێشمەرگە چیە؟

لە یاسای وەزارەت ی پێشمەرگەدا هاتوە ئەرکی پێشمەرگە بریتیە لەپاراستنی سنوری هەرێم وسیستەمی حوکم ڕانیەکەی هەرێم سیستەمی حوکمڕانی هەرێم پەرلەمانی ودیموکراسیە وەک زانراوە لای هەمومان هەموو حوکمێ لە غەیری حوکم ی الله تعالی کوفر و طاغوتیەتە دیموکراسیەتیش طاغوتی سەردەمە ئێستا بابزانین حوکم ی کەسێ چیە بەرگری ودیفاع وجەنگ بکات لە پێناو پاراستن وسەرخستنی لە سیستەمێکی طاغوتی .

الله تعالـى دەفەرموێت : { الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ ۖ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا } [النِّسَاء : ٧٦] ئەو كەسانەش كـە كافرو بێ باوەڕن لە ڕێگـەی طاغووتـدا جەنگ دەكەن دەسا ئێوە لەگەڵ دۆست و یارانی شەیتاندا بـجەنگێن بێگومان پیلان و فرووفێڵی شەیتان - لەچاو دەسەڵات و توانای الله لاوازو بێ هێزە.

ئەركـی ئاسایش چـیە؟

لە یاسای دەزگای ئاسایش ـدا هاتوە ئەركی ئاسایش بریتیە لەپاراستنی دەستكەوت و مافە دیموكراسـیەكان كە بەدەستور دیاریكراوە مافە دیموكراسیەكان بریتیە لە ئازادی بیروڕا واتـا ئازادی بڕوات بەالله هەیە یان بڕوات پێ نیە ئازادی تاكەكەسـی واتا ئازادی پابەندی ئیسلام دەبیت یان پابەندی ئیسلام نابیت (هەرچەندە درۆش دەكەن سجنەكانیان شاهێدن كە چەندان موسڵمانیان دەستگیركردوە) ئازادی ڕادەربڕین واتا ئازادی لەوەی بۆچونە كوفریەكانت دەرببڕیت ئەركی ئاسایش پارێزگاریە لەوئازادیانـە ئایـا حوكم ـی كەسـێ چیە كوفركردن بكات بە ئازادی و ڕێگەبات كوفر بكرێت لە ژێر ناوی ئــازادی ـدا ؟

شــــێخ ـی ئیسـلام ابن تیمە دەفەرموێت : (پێویستیەكی زانـراوە لەدینی موسڵمانان وە بەیەكدەنـگی موسـڵمانان كەهەركەسێك بەئاسایی دانێت شوێن جگە لەشەریعەت ـی محمد صلى الله عليه وسلم بكەوێت ئەوكەسـە كـافرە). [مجموع الفتاوى (٢٨/ ٥٢٤)]

ئایـا ئاڵای كوردستان ئەوەندە پیرۆزە وەك مەلا عادل ئەیلێت؟

بڕوانە یاسای ئاڵای هەرێم كە خۆیان ڕونیان كردۆتەوە ئەو خۆرە 21تیشـكە گوزراشت لەجەژنی نەورۆزی ئاگرپەرستان دەكات كە لەدینی زەردەشتیەوە وەرگیراوە

ئـایا پیـرۆزڕاگرتنی دروشمی دینی زەردەشتی حوكمـی چیە؟

ئیمام ـی الزيلعي الحنفي لەكتابی "تبيين الحقائق" : بەخشـینی دیـاری بەناوی نەورۆز و بۆ نەكـانەوە وبەخشی دیاری بەناوی ئەم دوو ڕۆژەوە بۆ بەگەورە ڕاگرتنی حەرامـە بەڵكـو كوفــــرە.

أبو حفص الكبير فەرموویـەتی : گەر پیاوێ پەنجا ساڵ بەندایـەتی الله بكات پاشان ڕۆژی نەورۆز بێت وە هێلكەیەك بە دیاری ببەخشێ بەهەندێ لە موشریكان و مەبەستی گەورە ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە بێت ئەوا كافردەبێت وكردارەكانی پوچەڵ دەبێتەوە

دەڵێ باوكم شـەهیدی یەكێتیە ! شەهید لەلای الله ورسولەكەی ئەوكەسەیە بـۆبەرزكردنەوەی وشەی الله دەجەنگێت نەک بۆ بەرزكردنەوەی عەلمانیەت دەڵێت خزمەكانم ئاسایش و پێشمەرگەن ـن بەكافریان نازانم ئەی چۆن تەقـدیس كردن و خۆبەكوشت ـدان ولەپێناوەدا بۆیـە هەرقسەیەكی مەلا عادل عزەت تا بەڵگەی سەریح نەبێت لەسەر پەشیمان بونەوەی لەم قـسانە نابێت بە عوزر وڕێگـر لەسەر حوكم ـدان لەسەری.

ئایـا بۆچـی سەرخەرانی دەوڵەتی ئیسـلامی ئاڵای كـوردسـتان بە كوفر دەزانن؟

سەرخەرانی دەوڵەتی ئیسلامی كەئاڵای كوردستان بەكووفر دەزانن ئەمە بەڵگەكانیە

١- ئاڵای كوردستان بەیاسا داڕێژراوە خۆرێـكی تێدایە ئەو خۆرە گوزرارشت لە21 ـی نەورۆز دەكات وە نەورۆزیش لەئەسڵدا جەژن ـی ئاگرپەرستەكانە ئێمـەش كەموسڵمانین جەژنی كافران بەرز ڕاناگرین وەئاڵایـەک جەژنی كافر بكات بەدروشمی خۆی ئێمە بێ باوەڕین بەو ئاڵایە چونكە بەگەورە ڕاگرتنی دروشـم و بــۆنەی كـــافرەكان لەدینی ئێمەدا كوفر و دەرچونە

لە دیـن پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێت : (مَن تَشَبَّهَ بِقَومٍ فهو مِنهُم) [أخرجه أبو داود] هەرکەسێ خۆی بەهەرگەلێ بشوبهێنیت ئەوا ئەویش هەرلەوانــە.

